تورکیا و عێراق ڕێکەوتن لە بواری گواستنەوە و کردنەوەی نوسینگەکانی بەدواداچون

ئەمڕۆ هێنی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن ئازاق موحبس سەعداوی لەگەڵ هاوتا تورکەکەی عەبدولقادر ئێرال ئۆغلو ئەنکەرە لەسەر کردنەوەی نووسینگەکان بە بەدواداچوون بە کارەکانی جێبەجێکردنی ڕێگای گەشەپێدان لە هەردوو شاری بەغدا و ئینقەرە.

لێبیانناممێکی وەزارەتەکەدا هاتووە : هەردوو وەزیر ڕێککەوتوون لەسەر کردنەوەی نووسینگەکان بە بەدواداچوون بە کارەکانی جێبەجێکردنی ڕێگای گەشەپێدان لە هەردوو شاری بەغدا و ئینقەرە، ئاماژە بەوە دەکات کە سەعداوی دووپاتیکردەوە کە کەمپانیا نەوەوتیەکان پشبینی دەرفەتی وبەرهەنانی ئومێدبەخش دەکەن لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، و عێراق جدیە لە جێبەجێکردنی هەموو پێداویستیەکانی پرۆژەکەدا.

ئاماژەی بەوەشکرد : وەزیری گواستنەوەی تورکیا دەستپێشخەریەکانی سەعداوی لە کۆرتی گواستنەوەی ئاسمانی نێوان هەردوو وڵات بەرز نرخاند، داوای لە عێراق کرد ژمارەی گەشتە ئاسمانیەکانی تورکیا بە عێراق زیاد بکات.

لە درێژەی قسەکانیدا سەعداوی داوای لە لایەنی تورکیا کرد کە ئاسانکاری بە ڕێکارەکانی پێدانی ڤیزا بە عێراقیەکان و کردنەوەی نووسینگەی پێدانی ڤیزا لە فڕۆکەخانەکان بکات.

ئەمە هەینی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن ڕەزاق موحەبس سەعداوی لەگەڵ هاوتا تورکەکەیدا وردەکاری تەکنیکی وهونەری پڕۆژەی ڕێگای گەشەپەدانی تاوتوێ کرد.

باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەنقەرە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : وەزیری گواستنەوە ڕەزاق موحەبس سەعداوی چاوی بە عەبدولقادر ئەرال ئەغلو هاوتا تورکیەکەی کەوتووە لە ئەنقەرە و لەگەڵیدا باسیان لە وردەکارییە تەکنیکییەکانی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپەدان کرد.

لەبەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوەشکردووە : هەردوولا پەداچوونەوەیان بە ڕەژەی تەواوبوونی پڕۆژەکە کردووە.